# چاوخشاندنێک بەسەر سـ

سكانێر (scanner) ئامرازێكی گرنگە بۆ گواستنەوەی فایل و دۆكیومێنتەكان لەسەر كاغەزە بۆ سەر كۆمپیوتەر و بە دیجیتالی كردنی بەڵگەكان.. سكانێرەكان جۆراوجۆرن قەبارەی بچووك و گەورە، كارایی و توانایی جۆراوجۆر، بەڵام بەگشتی ئەركەكەیان ئەوەیە كە لەسەرەوە ئاماژەی پێكرا.

ئەوەی لە فرۆشگا و سۆپەرماركێتەكان بۆ خوێندنەوەی باركۆدی كەلوپەلەكان دادەنرێ ئەویش جۆرێكە لە سكانێر، ئەوەی لە فڕۆكەخانەكان و چاودێری شوێنەكان



## سكانێری جۆری pup

سكانێری جۆری pup واتە (pup scan) مینی سكانێرێكی دەستییە، قەوارەی بچووكە، بەڵام تواناكانی گەلێكن.. بۆ دیجیتالی كردن و سكانكردنی لاپەڕەكان بەبێ ئەوەی پێویستی بە كۆمپیوتەر بێت سوودی لێوەردەگرێ..

لەسەرەوەی ئەم سكانێرەدا دوگمەیەك هەیە كاتێك، لەسەر لاپەڕەیەك یا وێنەیەك كە مەبەستە سكانی بكەی لە مەودایەكی دوورەوە رایدەگرێ، تیشكێكی لەیزەری بە بەشێوەی چوارگۆشەیی بە چوار دەوری لاپەڕە یان وێنەكە دەردەكەوێت ئەوەی دەكەوێتە ناو چوارچێوەكە سكان دەبێت، دەتوانی لاپەڕەیەك یان تەنانەت دیڕێكیشی پێ سكان بكەی.. هیچ وایەرێكی نییە. دوای سكانكردنیش بە داگرتنی دوگمەیەك دەتوانی بۆ تێلگرام، فەیسبوك، ئیمێل یان هەر تۆڕێكی كۆمەڵایەتی بنێری، بەڵام لە پێشدا دەبێ ئەو ئەكاونتەت پێ ناساندبێ.

پۆپ سكان تەنانەت دەتوانێت لاپەڕەكە بسوڕێنێ، بیبڕێ و مونتاژی بكا، لە بواری سیكورتییەوەش زۆر جیدیە و گشت سكانەكان كۆدی لەسەر دادەنرێ بۆ ئەوەی كە كەس نەتوانێ دزەی بكاتە ناویان.



## سكانێری جۆری TSN 470

سكانێری جۆری TSN 470 سكانێرێكی دەستی بچووكە، كوالیتی سكانكردنەكەی HDیە. زۆر خێرایە لە ماوەی چەند چركەیەكدا چەند لاپەڕە سكان دەكات. خودی سكانێرەكە شاشەیەكی لەسەرە بۆ نیشاندانی فەرمانەكانی سكان كردن. میمۆرییەكەی یەك گێگابایتە. جگەلەوەش دەكرێت میمۆری ٣٢ گیگابایتی بۆ دابندرێ. بۆ سكانكردنی وێنە، پاسپۆرت، كارتی بزنس زۆر گونجاوە. هەرچەندە خۆی دانراوە بۆ لاپەڕەی A4، لاپەڕە سكانكراوەكان بە فۆرماتەكانی jpg,PDF خەزن دەكات. لەگەڵ گشت ڤێرژنەكانی ویندۆز دەگونجێت.

## سكانێر جۆری پێنووسی (penscan)

سكانێری پێنووسی واتە pen scan لە دیزاین و ستایلدا هەروەك پێنووسێك دەچێت، و هیچ جیاوازیەكی نییە، بەڵام لە تەنیشتێكی قەڵەمەكە كامێرایەكی بچووك هەیە كە ئەركی سكانكردن ئەنجام دەدات، ئەم سكانێرە زۆر وەك پۆپ سكان دەچێت، بەڵام قەوارەی بچووكترە، دەكرێ وەك پێنووسیش كاری پێبكەی. لەناو پێنووسەكەدا كامێرایەكی ٥ میگاپیكسلی هەیە لەگەڵ لێنزێك كە فۆكسی ئۆتۆماتیكی هەیە و وردبینی گەلێك زۆرە، بە داگرتنی دوگمەیەك تیشكێكی لەیزەری بە چواردەوری ئەو بەڵگەیەی مەبەستە دەكەوێت و دەتوانی بەڵگەكان سكان بكەی. خودی سكانێرەكە میمۆریەكی یەك گیگابایتی تێدایە بۆ هەڵگرتنی زیاتر لە هەزار لاپەڕەی سكان كراو كە بە فۆرماتی JPEG سكانی دەكات. ئەم سكانێرە نە تەنیا ئەو ئەركە ئەنجام دەدات بەڵكو دەكرێت وەك تۆماركردنی دەنگیش سوودی لێوەربگری.



# ـــكانێره بچووكه‌كاندا

دادەنرێت و مرۆڤ و كەلوپەل دەپشكنن ئەویش جۆرێكە لە سكانێر..
مەبەستی ئێمە سكانێری گواستنەوەی فایل و دۆكیۆمێنتە بۆ سەر كۆمپیوتەر.. لەم دواییەدا سكانێرەكان وەک زۆر ئامێری دیكە تواناكانیان زیاد بوو بەڵام قەوارەیان بچووک بۆوە.. تەنانەت هی وا هەیە بەقەد پێنووسێک.. ئەوەی لەم جارەدا ئاماژەیان پێدەكەین بەشێک لەو سكانێرە بچووک بەڵام تایبەتمەندی و كارایی زۆرانەن كە رەنگە پێویست بكات هەركام لە ئێمە رۆژێک پێویستمان پێیان بێت..

## سكانێری جۆری Scanmarker





سكانێری جۆری Scanmarker دەكرێت لە ریزی ئامێرە هەرە گرنگەكان دابندرێ، چونكە ئەم ئامێرە بەتەنیا سكان ناكات، بەڵكو هەر دەقێكی سكانیشی بكات بە دەنگیش دەیخوێنێتەوە. سایزی سكانێرەكە بچووكە و بەقەد ماژیكێك دەبێت، یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی سكانێرەكە ئەوەیە كاتێك كتێب یان رۆژنامەیەك دەخوێینەوە و بە ماژیك شوێنە گرنگەكان دەستنیشان دەكەی، بەو سكانێرە خۆی ئەو ئەركە ئەنجام دەدات بەڵام لەبری دەستنیشانكردن ئەوەی مەبەستە سكانی دەكات و لە لاپتۆپ یان مۆبایلدا خەزنی دەكات.

كاری تایپ كردن ئەنجام دەدات و خێراتر لە هەموو تایپیستێك، چونكە كاتێك دەقێك دەبینیێ ئەو سكانی ناكات بەڵكو تایپی دەكات كە ئەوەش كارئاسانییەكی زۆری هەیە بۆ بەكارهێنەر. خودی سكانێرەكە پشتیوانی لە ٤٠ زمان دەكات واتە ئەگەر دەقێك بەو زمانانە سكان بكرێت دەیخوێنێتەوە و دەینووسێتەوە.

سكانێرەكە بۆ ئەوانەی نابینان و ناتوانن بخوێننەوە گرنگی خۆی هەیە، دەكرێت كتێبێك بەو ٤٠ زمانەی كە تێیدایە بۆ بەكارهێنەرەكەی بخوێنێتەوە. سكانێرەكە دەتوانێت لە یەك خولەك دا ٣ هەزار كارەكتەر بناسێ كە هیچ پیتچنێك ناتوانێت ئەوەندە كارەكتەرە لە خولەكێكدا تایب بكا.

پرۆگرامێكی تایبەتی بۆ كۆمپیوتەر و ئەپلكەیشنێكی بۆ مۆبایل هەیە كە دەبێت لەسەر كۆمپیوتەر و مۆبایل دابندرێن.

## سكانێری جۆری world pen scan



ئەم سكانێرە هەروەك لەناوەكەی را دیارە وەك سكانێری پێنووس دەچێت، بەڵام بە هەندێك كارای و تایبەتمەندی زیاترەوە.. سكانێرەكە بۆ قوتابیان و خوێندكاران گرنگی خۆی هەیە، لە رێگای بلوتوسەوە بە هەردوو سیستەمی ویندۆز و ماك و مۆبایلەكانی ئەندرۆید و ئایفۆن پەیوەند دەدرێ. گرنگی سكانێری ناوبراو لەوەدایە كە زمانەكانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیسپانی، ئەلمانی، عەرەبی، چینی...تاد دەناسێ و لەگەڵ ئەوەی كە دەق بەو زمانانە دەخوێنێتەوە هەر لەوكاتەدا بە سوود وەرگرتن لە وەرگێڕی گوگل راستەوخۆ وەریدەگێڕێ بۆ ئەو زمانەی مەبەستتە.

خاڵێكی گرنگی سكانێرەكە ئەوەیە كە بابەتە سكان كراوەكان بۆ پرۆگرامەكانی، ۆرد، ئەكسل، پاوەرپۆینت، دەگوازێتەوە. گرنگییەكی دیكەی سكانێرەكە ئەوەیە كە دەتوانێت بە ئاسانی لە google booksدا دەقەكان بدۆزێتەوە و سكانیان بكات.

سكانێری ئاماژە پێكراو دەكرێت لە خوێندنەوە و وەرگێڕانی لاپەڕەكانی فەیسبوك هاوكاریت بكا و وەریبگێڕێ بۆ زمانی مەبەست، كاتێك مانای وشەیەك نازانیێ سكانێرەكە لە ئینتەرنێتدا دەگەڕێ و مانای وشەكەت بۆ دەدۆزێتەوە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێز دەپرسێت بەبێ ئەوەی کە من وای-فای مۆبایلەکەم یان dataی سیمکارتەکەم بکەمەوە لەخۆوە ئەوانە دەکرێنەوە هۆکاری کردنەوەی وای-فای و داتابەیسی مۆبایلەکەم چییە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆرتر ئەو کاتە ئەو کێشەیەت بۆ دێتە پێش کە تۆ پرۆگرامێك لە ئینتەرنێت وەردەگرێ، ئەویش لە شوێنێك کە زۆر جێگای گومانە، یان سایتێك دەکەیەوە کە گومانی لەسەرە. بۆ نەمانی ئەو کێشەیە سەرەتا ئەنتی ڤایرۆسی McAfee دابەزێنە و ئەو ئەنتی ڤایرۆسە ڤایرۆسەکان کە بێگومان هۆکاری ئەو کێشەیە ڤایرۆس و پرۆگرامی تێکدەرە دەسڕێتەوە. ئەگەر ئەوەش نەبوو خۆت بەدەست بچۆ سەر پرۆگرامەکان و ئەو پرۆگرامەی کە گومانی لێدەکەی و پێشووتر لە مۆبایلەکەتدا نەتبووە بیسڕەوە..

## دەفتەری وێنەی دیجیتالی

ڕەنگە کەم منداڵ لە دنیادا هەبێت چێژ لە کێشانەوەی وێنە وەرنەگرێت، منداڵ بەرلەوەی بیەوێ پیتێك فێربێ حەز دەکا ئەوەی لەناخیدا بە وێنە دەریببڕێ. بەڵام چەندە بۆ منداڵەکە و بۆ سەرپەرشتیارانی منداڵ گرنگ دەبوو کە شوێنێك هەبێت وێنە کێشراوەکانی تێدا رابگرن و یان بۆ کەسانی دیکە بنێرن، بۆ ئەوەی کە وەك یادەوەری بمێننەوە..

دەفتەری دیجیتالی (rocketbook) دەفتەرێکی تایبەت بە وێنەکێشانی منداڵانەیە. لاپەڕەکانی لە مادەیەکی تایبەت دروستکراون کە لەگەڵ ئەوەیدا بە تەڕبوون تێکناچن، بەئاسانیش دەسڕدرێنەوە. پاش کێشانەوەی وێنەکە، ئەوەندە بەسە کە ئاپی تایبەت بە دەفتەرەکە لە مۆبایل یان تەبلێتدا بکەیەوە و وێنەیەك لە نیگارەکێشراوەکە بگری، ئاپەکە بە شێوەی ئۆتۆماتیك کوالیتی وێنەکە باش دەکات و دەستکاری هەندێك شتی دەکات و بۆ شوێنی تایبەت بە خەزنکردن لە ئینتەرنێتدا بەڕێی دەکات. لە ژێر هەر لاپەڕەیەك حەوت بازنە هەیە، بەکارهێنەر دەتوانێت هەر بازنە بۆ سێرڤێرێك یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتی تەرخان بکات، هەر بازنەیەك ڕەنگ بکەی نیگارەکێشراوەکە بۆ ئەو شوێنە بەڕێ دەکرێت.



## سایتێک بۆ دابەزاندنی گشت فۆنتێک

فۆنت لە تایپ کردن و نەخشەسازیدا گرنگی خۆی هەیە، لە راستیدا بە بێ فۆنتی جۆراوجۆر دیزاینێکی سەرکەوتوومان نابێ، هەروەك نەخشەسازی بڵاوکراوەکانی سەدەی رابردوو هەمووی یەکجۆر دەبێت..

ئێستا بە ملیۆنان فۆنت لەبەردەستدان چ بۆ لاتینی واتە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەوانەی بەو فۆنتە دەنووسن چ بۆ ئەو زمانانەی بە فۆنتی عەرەبی (ئارامی) دەنووسن.. سایتی تایبەتە بە دابەزاندنی فۆنت بە هەموو زمانێك بۆ نموونە کوردیش. ئەگەر بۆخۆشت فۆنتێکی تایبەتت هەیە دەتوانی بە ئەندام بوون لەو سایتەدا فۆنتەکەت هاوبەش بکەی بۆ ئەوەی کەسانی دیکەش سوودی لێوەربگرن..

## پرۆگرامێکی گرنگ بۆ دروستکردنی ئەنیمەشن

کاتێك باسی فیلمی جوڵەدار دەکرێت رەنگە بڵێن باشترین و سەرکەوتووترینیان 3Dmax یان maya ە، بەڵام لە راستیدا پرۆگرامگەلی دیکە زۆرن لە بوارەوە.. پرۆگرامی blender یەکێك لە بەهێزترین و ئەو پرۆگرامانەیە کە تایبەتە بە ئەنیمەیشن و دیزاینی سێ رەهەندی و کامپۆزیت و دەستکاری کردنی فیلمی ڤیدیۆیی.

زۆربەی یارییەکانی کۆمپیوتەری بەو پرۆگرامە دروست دەکرێن. گرنگترین بەشی پرۆگرامی ناوبراو ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو سیستەمێك (ویندۆز، ماك و لینۆکس) دەگونجێت. لەوەش گرنگتر پرۆگرامەکە کراوەیە و پرۆگرامنووسەکان دەتوانن تایبەتمەندی بۆ زیاد بکەن و شتی نوێی بۆ دابنێن. پرۆگرامەکە لە زۆر فیلمی سینەمایش دا سوودی لێوەرگیراوە، بۆ نموونە لە فیلمی پیاوی جاڵجاڵوکەیی لەو پرۆگرامە سوود وەرگیراوە. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە و هونەرمەندان دەتوانن کارەکتەرەکانیان بە ئاسانی بە هۆی پرۆگرامەوە دروست بکەن و جوڵەی پێبکەن. دەستکاری کردنی فیلمەکانیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە..





## فلیپس و نوێترین تەلەڤزیۆنی پێشکەوتوو

کۆمپانیای فلیپس (Philips) یەکێکە لە کۆمپانیا دێرینەکانی بەرهەمهێنی تەلەڤزیۆن و ئامێرەکانی دیکە. لەم ماوەیەدا نوێترین تەلەڤزیۆنی ٥٥ ئینجی بەناوی Philips pos9002 بەرهەم هێنا کە دووەمین تەلەڤزیۆنی پێشکەوتووی کۆمپانیایە لە ٢٠١٧دا. تەلەڤزیۆنەکە تەکنەلۆژی ammilight تێدایە و رووناکییەك بە هەر چوار دەوری تەلەڤزیۆنەکەدا بڵاوبۆتەوە لەگەڵ سیستەمی دەنگی تەلەڤزیۆنە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەستەوەری جۆری p5 تێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ٪٢٥ خێراتر لە جۆرەکانی پێشوو وەڵام بداتەوە. تەلەڤزیۆنەکە کوالیتی نیشاندانی K4ە لە تەکنەلۆژی HDR 10ش پشتیوانی دەکات. خاڵی گرنگ لەو تەلەڤزیۆنەدا ئەوەیە کە سیستەمی جۆری Android 6ی لەسەرە. بۆیە لەگەڵ گوگل و هەموو خزمەتگوزارییەکانی گوگل دەگونجێت..